ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
36
25 ی ئایار / مەی 2022

**هەڵبژاردنی پەرلەمان بۆ ڕەواندنەوەی مەترسی لەسەر ئایندەی هەرێم نیە، بەڵکو بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتی میلیشیاییە کە کەوتۆتە بەرامبەر نەفرەت و تورەیی خەڵکی کوردستانەوە!**

## سەردانەکەی نێچیر و پرسی هەڵبژاردن!



**موحسن کەریم**

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا نێچیرڤان بارزانی سەردانی سلێمانی کرد. ئامانجی سەرەکی سەردانەکەی، ئەگەرچی وا نیشان درا کە دەیەوێ کۆدەنگی حزبەکانی کوردستان بەرامبەر بە پرسەکانی پەیوەست بە حکومەتی ناوەندیەوە مسۆگەر بکات، بەڵام بۆ هێورکردنەوەی بارگرژی نێوان یەکێتی و پارتی بوو. پارتی و یەکێتی دوو هێزی سەرەکی پێکهێنەری حکومەتن و بەهۆی دابەشبوونیان بەسەر ئێران و تورکیادا حکومەتەکەشیان تووشی قەیران و بنبەست بووە کە ئەگەرەی لێکترازانی یەجگار نزیک بووە. بەجۆرێک کە لەلایەکەوە پارتی دەیویست وەکو خاوەنی شەرعی حکومەت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەسەر پرسەکان سەوداو گفتوگۆ بکات، بەڵام لەولاوە یەکێتی دەیویست سەربەخۆ لە پارتی و حکومەت، وەکو دەسەڵاتی ناوچەی خۆی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ڕێکەوتن دەکات. ئەمەش هیچ مانایەکی بۆ حکومەتی هەرێم نەدەهێشتەوە.

یەکێتی و پارتی ماوەیەکی زۆرە هێرشێکی ڕاگەیاندنیان بۆسەر یەکتر دەست پێکردوەو دەیانەوێ باری ئەو قەیرانەی تووشی هاتوون و ئەو بێ ئاسۆییە سیاسیەی گیرۆدەی بوون، بەهۆی گۆڕانکاریە سیاسیەکانی ناوچەکەوە، بەسەر یەکتردا بشکێننەوەو لای جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان وا نیشان بدەن کە ئەوی دیکە خەتابارە لەو دۆخەی بەسەریاندا هاتوە. نێچیرڤان بارزانی سەرەتا دوای ئەوەی کە لەگەڵ یەکێتیدا بارودۆخەکەی هێورکردەوەو زەمینەی دانیشتنی هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی سازکرد، پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی وەکو مەسەلەیەکی دیکە خستە بەردەم یەکێتی و

بۆ لاپەڕە ٢

## گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە گۆڕانکاریەکانی شەڕ لە ئۆکرانیا!



بۆ لاپەڕە ٣

## پارتی و ئوڵفەتگرتن بەخۆشخزمەتیەوە!



**عبدللە محمود**

بۆ لاپەڕە ٥

## پەیامی پشتی وتەکانی پلاسخارت!



**جەمال موحسین**

بۆ لاپەڕە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی... سەردانەکەی نێچیر و پرسی هەڵبژاردن!

دواتریش حزبەکانی دیکەیان بانگەواز کرد بۆ ناو ئەڵقەکەی خۆیان بەناوی بەرژەوەندی گشتی خەڵک و مەترسی لەسەر قەوارەی هەرێم!

بێگومان هۆکاری سەرەکی کێشەی نێوان یەکێتی و پارتی ئەوە نیە کە ئەویان بودجە نانێرێت و ئەوی دیکە داهاتی ناوخۆ دەدزێت و نایخاتە ناو خەزێنەی حکومەتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە بزوتنەوەی کوردایەتی و حزب و هێزەکانی و لە سەروو هەموویانەوە یەکێتی و پارتی، روبەرووی بنبەستێکی سیاسی و حکومەتی بوونەتەوەو هیچ ئاسۆیەکی سیاسی لە ئایندەی عێراقدا بۆ خۆیان نابینن. ئەوەش وایکردوە هەرجۆرە رێکەوتنێکیان لەبەریەک هەڵوەشێتەوەو هەریەکە ئەوی دیکە تاوانبار بکات بەرامبەر بەو فەوزایەی کە روبەرووی ژیانی خەڵکیان کردۆتەوە، کە ئەویش بوەتە هۆی سەرهەڵدانی نارەزایەتی فراوانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و خواستی روخان و ڕاماڵینی ئەو دەسەڵاتەو ئەو دوو حزبە بوەتە خواست و ئارەزوویەکی فراوانی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان.

درێژەکێشانی ئەو بارودۆخەو بێئاسۆیی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو هاوبەشەکانیان، لە هەلومەرجی سیاسی تازەی عێراقدا، هیچ گرەنتیەک ناهێڵێتەوە بۆئەوەی کە دەسەڵاتی ئەو دوو حزبە بەسەر کوردستاندا بەردەوام دەبێت. ئەو دوو حزبە لە ئایندەی مانەوەی خۆیان و دەسەڵاتەکەیان دەترسن. ئەو فەوزایەی کە روبەرووی بونەتەوە مەترسی ئەوەی بۆ دروست کردون سەروماڵیان تیابچێت لەناو گێژاوی کێشمەکێشە ناوچەیی و جیهانیەکاندا. نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە عێراق چەندجار هوشداری ئەوەی پێداون کە ئەگەر بەوجۆرە حزبەکانی ناو دەسەڵات دابەش بن، ئەوا ئایندەی دەسەڵاتی هەرێم لە مەترسیدایە، واتە ئایندەی دەسەڵاتی یەکێتی و پارتی بەهۆی دابەشبوونیانەوە بەسەر تورکیاو ئێرانەوە لە مەترسیدایە. ئەم پەیامەی نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان سەرچاوەی لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و رۆژاواوە وەرگرتوە کە دەیانەوێ بەهەر نرخێک بوە نفوزی ئێران لە کوردستان وعێراق کەم بکەنەوە. بەوجۆرەش پرسی سازدانەی پەیوەندی نێوان ئەو دوو حزبە بە پلەی سەرەکی و حزبەکانی دیکەی خێزانی بۆرژوازی لە دەوری ئەجندای سیاسی ئەمریکاو رۆژاوا بایەخێکی زیاتری پەیداکردوە.

بەڵام ئەم سازدانەوەیەی ناوماڵی بۆرژوازی کورد، لە دەوری سازدانەوەی حکومەتێک دەچێتە پێشەوە کە لەو چەقبەستوویە رزگاری بێت و بتوانێ لانی کەمی بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی و ئابوری کۆمەڵگای کوردستان ئەنجام بدات. لە ڕاستیدا ئەو مەترسیە کەم بکاتەوە کە لەلایەن خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانەوە ڕوبەروی دەبێتەوە و ئەگەری ئەوە دوور نیە خەڵکی کوردستان لە دەرفەتێکدا کە بۆیان بێتە پێشەوە تەختی ئەو دەسەڵاتە بەسەریەکدا تێک بدەن. بۆ ئەو مەبەستە پرسی هەڵبژاردن وەکو فریشتەی نەجاتی بۆرژوازی لە دەستی خرۆشانی جەماوەری تورەو ناڕازی کوردستان لەلایەن هەموو هێزەکانی بۆرژوازیەوە، بە دەسەڵاتدارو ئۆپۆزسیۆنەوە، بانگەشەی بۆ دەکرێت و نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانیش لە عێراق هەمان چارەسەر دەخاتە بەردەم حزبەکانی بۆرژوازی کورد.

بەڵام خەڵکی کوردستان کە هیواو ئارەزووی رزگاربوونە لە دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کورد، بەخوێن و پێستەوە ئەزمونی بێمافی و ستەم و نایەکسانی ژێر سایەی ئەو دەسەڵاتەی کردووە، لە هەڵبژاردنی پێشوودا بۆ پەرلەمانی عێراق، سەرباری پڕوپاگەندەی هێزەکانی بۆرژوازی کورد بۆ پەلکێشکردنی خەڵک بەناوی مافەکانی کوردەوە بۆ دەنگدان، بەڵام ریسواییەکیان کرد بە نسیبیان کە تا ئێستاش سەرکردەکانی خۆیان باسی دەکەن و دەیلێنەوە، ئێستاش ناچنە ژێر باری پڕوپاگەندەی حزبەکانی کوردایەتی و بۆرژوازی بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنەوە و پرسی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان هیچ بایەخێکی نابێت لایان. ئەو خەڵکە خۆی کۆدەکاتەوە بۆئەوەی دەسەڵاتی ئەمانە ڕابماڵێت نەک جوانکاری بۆ دەسەلاتەکەیان بکرێت. بۆیە کۆبونەوەی نێچیرڤان بارزانی ئەگەر بۆ حزبەکانی خێزانی بۆرژوازی بایەخێکی هەبێت بۆ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان جێگایەکی نیەو ئەوان خەریکن کاروانی خەباتی خۆیان بەڕێدەخەن لەپێناو ژیانێکی باشتر و شەرافەتمەندا!


سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com



ئۆکتۆبەر

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
muhsin_km@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# گفتوگۆ لەگەڵ خەسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە گۆڕانکاریەکانی شەڕ لە ئۆکرانیا!

ئۆکتۆبەر: جەنگ لەئۆکرانیا درێژەی هەیە، لەکاتێکدا چ پۆتین و چ کاربەدەستانی سەربازی کرملن وای بۆدەچوون کە سوپای روسیا لەکورتماوەدا و لەیەک پەلاماری سەربازیدا گیف دەگرێ و "رژێم چەینج" لەئۆکرانیا بەئەنجام دەگەیەنێ وجەنگ تەواودەبێ، بەلام دەبینین وا نزیکەی سێ مانگ بەسەر شەڕ لە ئۆکرانیادا تێپەڕدەبێ و کەچی نەک هەر هیچ ئاماژەیەک بۆ وەستانی لەئارادا نیە، بەڵکو تادێت پانتاییەکەی فراوانتر دەبێتەوە و جیهان بەرەو تونێلێکی تاریک رادەکێشێت.. هۆکاری درێژەکێشانی ئەم جەنگە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

خەسرەو سایە: هەر وەک وتراوە کە"جەنگ درێژەی سیاسەتە بەخوێنەوە" بەلام هەر"سیاسەتێکی خوێناوی" لەپشتی هەرجەنگێکەوە ئامانج و ستراتیژێک راوەستاوە، کە رێچکە دەباتەوە سەر زەرورەتێکی بنیادیتری ئابوری و کۆمەلایەتی. هەروەک پێشوتریش ئاماژەمان پێکردوە، کەجەنگ لەئۆکرانیا، جەنگی نیوان هێزە ئیمپریالیستەکانە لەسەر دابەشکردنەوەی جیهان و جێخستنی دونیای چەندقوتبی. جەنگێکە کە بەکردەوە ئۆکرانیای کردۆتە مەیدانی پێکدادانە سەربازیەکان، بەلام ئامانج و ستراتیژی هێزە ئیمپریالیستیەکان کە لەسەرێکیەوە روسیاو چین راوەستاوە و لەسەرێکی تریشیەوە ئەمریکاو بەریتانیاو ناتۆو دەولەتانی ئەوروپایی، ئامانجەکانیان فراوانترو جیهانیترە لەو مەسەلانەی کە لەنێوان روسیاو ئۆکرانیادایە ومێژوویەکیان هەیە. لەئێستادا کە ئەگەر سەرنج لە لێکەوتەکانی ئەم جەنگەو رۆلی هەریەک لەهێزە دەرگیرەکان وجولە و پێکدادانە سەربازیەکان و پەیامە سیاسیەکانیان بدەین، بەرۆشنی بەوە دەگەین کە ئەم جەنگە نەک لەئامانجە ستراتیژیەکان لەئاست دونیادا نزیک نەبونەتەوە، بگرە هێشتا بەرژەوەندیە تاکتیکیەکان و ئەو سیاسەتە لاوەکیانەی کەلەم جەنگەدا هەیانە هێشتا بەکردەوە دەرنەهاتووە. تەنانەت لێکەوتەکانی ئەم جەنگە بەدوای درێژەکێشانی بۆ ماوەی نزیک بەسێ مانگ ئەوەمان پێدەڵێت کەرووی لەقۆناغێکی تازەو مەترسیدارتر کردوە، قۆناغێک وەک ئەوەی ئێوە لەپرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکردووە کە جیهانی بەرەوە تونێلێکی تاریک راکێشاوە. لەلایەکی تریشەوە درێژەکێشانی هەر جەنگێک گرێدراوە بەتوانا مادی و سەربازیەکانی لایەنە دەرگیرەکانەوە. ئەوی ئێستا لەجەنگی ئۆکرانیادا بەرچاوە، ئەوەیە کە تازەبەتازە ئەمریکاو ناتۆ و روسیا توانا مادی و سەربازیەکانی خۆیان لەئاستێکی جیهانیدا خستۆتە گەڕ. ئەمەش پێمان دەڵێت کەئەم جەنگە لەبەردەم درێژەکێشانێکی ماوەدرێژدایە کەرەنگە سالانێک بخایەنێت.

ئۆکتۆبەر: باستان لەڕۆچونی جەنگی ئۆکرانیا بەرەو قۆناغێکی تازە کرد، نیشانەکان و تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە تازەیەی کە دەیڵێن چیە ئەو ئاماژانە چین کەبەڵگەن بۆ ئەم قۆناغە تازەیە؟

خەسرەو سایە: توندبوونەوەی جەنگ و کاولکاری و راکێشانی میلیتاریزم، لەنێوان ئەمریکاو بەریتانیاو ناتۆ، لەبەرامبەر روسیادا، کە ئەوروپاو جیهانی راکێشاوەتە نێو تونێلێکی تاریکەوە و تادێت جیهان لەبەردەم مەترسیەکی گەورەدا رادەگرێ، سەرەکیترین تایبەتمەندی و دەرکەوتەکانی ئەم قۆناغە تازەیەی جەنگی ئۆکرانیایە. ئێستا ئیتر ئەم جەنگە و مەسەلەکانی بەرۆشنی بۆتە جەنگی نێوان ئەم دوو جەمسەرەو لەشەری نێوان حکومەتەکەی زلنسکی و تەنانەت دەولەتانی ئەوروپادا بەرامبەر بە لەشکرکێشیەک کە روسیا کردویەتی، نەماوەتەوە. ئێستا هەردو ئەم قوتبە باس لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی و بایۆلۆژی و جەنگی بازرگانی و سیستەمی ئەمنی جیهانی دەکەن. ئێستا ئیتر دۆخی جەنگ لەسەردەمی رۆژەکانی یەکەمین مانگیدا نەماوە و تێپەڕبوە بەسەر ئەو دۆخەدا کە لەسەرەتای پەلامارە سەربازیەکەی روسیادا لەئارادابوو. فەزایەک کە زلنسکی قارەمانی بەرگری بوو، بەلام ئێستا ئەوە زلنسکی و حکومەتەکەیەتی ئەو ئیستقلالیەتەی کە هەیانبوو لەبەرامبەر هێرشەکانی روسیادا، تادێت لەدەستی دەدن.

لەسەرەتاوە کە ئەمریکاو ئەوروپا وبەریتانا، زیاتر وەک لایەنی هاوکار و پشتیوانێک لەدژی روسیا خۆیان دەردەخست و باسیان لە مافی ئۆکرانیا بۆ بوونی ناتۆ و دیفاع لەدیموکراسی ئۆکرانی دەکرد، ئێستا بابەتەکەیان گۆڕدراوە، بەوەی کە پەروباڵی روسیا بکەن و لەهاوکێشەی هێزە جیهانیەکاندا، لەکەناردا رای بگرن. تەنانەت ئێستا هیچ لایەک باس لەگەرانەوە بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی ریکەوتنامەی دۆمێنسک کەساڵی ٢٠١٤دا ئیمزایان کردبوو، بۆ چارەسەری کێشەکانی ئۆکرانیا ناکات. خودی بەبنبەست گەیشتنی دانوسانەکانی نیوان روسیاو ئۆکرانیا نیشانەی نەک هەر لاکەوتەبوونی رۆلی زلنسکی و حکومەتەکەی دەردەخات، بگرە رۆلی ئەوروپاش لاوەکی بۆتەوەو هەردولایان لەسیبەری جولەی ماشینە جەنگیەکانی ئەمریکاو بەریتانیا و

ناتۆدا قەراریان گرتوە. ماکرۆن کە لە سەرەتای جەنگەکەوە باسی لەدروستکردنی سوپایەکی هاوبەشی ئەوروپای یەکگرتوو بۆ رووبەروبونەوە لەگەڵ ڕوسیادا دەکرد، ئیستا بێدەنگەی لێکردوەو ئەڵمانیاش لەبەرامبەر نەوت و گازی ڕوسیادا، سەری لەبەرخۆی ناوە. خودی پەیوەستبوونی سویدو فینلەندا کەخۆی وەک بەرهەم و ئاکامێکی درێژەکێشانی جەنگەکەدا هاتۆتەکایەوە، بەدوای ئەو ڕێکەوتنە ئەمنیەدا هات کە بۆریس جۆنسۆن لەگەڵ ئەم دوو وولاتەدا بەستی و بەمەش ڕۆڵی ئەوروپای یەکگرتووی لەم قۆناغەتازەیەدا کە جەنگ لەئۆکرانیا پێی تێناوە، نیشانەیەک دەخاتە پێشچاو کە ئیتر جەنگەکە کەوتۆتە نێوان هێزە ئیمپریالیستەکان و ئیستراتیژێک کەبەدەستیانەوە گرتوە. جەنگێک کە ئۆکرانیای کردۆتە مەیدانی کێشمەکێشی سەربازی نێوانیان.

لەتەرەفی ڕوسیا و ئامانجە سیاسی و تاکتیکیەکانیشەوە ئەگەر سەرنج بدەین دیسانەوە بەڕۆشنی ئەوە دەبینین کە جەنگی ئۆکرانیا ملی بەرەو قۆناغیکی تازە ناوە. ڕوسیا کە لەسەرەتای هێرشەکانیدا، وای دانابوو لەکورتماوەدا کییف دەگرێ و "ڕژێم چەینج" دەکاو حکومەتێکی لایەنگر بەخۆی دێنێتە سەرکارو بەئەنجامە ستراتیژەکانی خۆی دەگات، بەلام ئیستا کەوتۆتە شوێن پاکردنەوەی ناوچە سنوریەکانی خۆی ودروستکردنی پشتێنەیەکی جەنگی و لەهەوڵدایە نیوە دورگەی قەرەم وناوچەکانی دۆنێتسک ولۆهانسک و بەشی خواروو ڕۆژهەلاتی ئۆکرانیا لێک بداو ئیلحاقی بکات بەڕوسیاوە.

لەسەرێکی تریشەوە گەمارۆدانە ئابوری و بانکی و سەربازیەکانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ئەوروپایی کەپێشتر وەک هەنگاوگەلێک بۆ لاوازکردنی توانا سەربازیەکانی ڕوسیا گیرایە بەر، نەک کردەوە سەربازیەکانی سوپای ڕوسیای خاونەکردەوە، بەلکو بەشێکی زۆر لەخەڵکی ڕوسیای خستۆتە پشت سەری سیاسەتەکانی پۆتینەوەو هاوکات وولاتانێکی وەک هیندستان و کۆریای باکوڕ و چین و ئەوانەشی کە لەدەرەوەی بازنەی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادان، زیاتر کەوتونەتە مامەڵەی بازرگانی و سیاسیەوە لەگەڵ ڕوسیادا.

لەڕووی کردە سەربازیەکانیشەوە کاولکاریەک کە پۆتین دەستی داوەتێ، ئەمریکای وادارکردووە، بەپەلکێشکردنی جبەخانەی جەنگی و فراوانکردنەوەی هەرچی زیاتری دەخالەتی میلیتاریزمە لەم جەنگەدا. ئەمە لەکاتێکدایە کە لەسەرەتای جەنگدا بایدن بانگەشەی ئەوەی دەکرد، کە ناچێتە جەنگی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕوسیاداو بۆ ئەمەش وەلامی نەرێنی بە داوای زلنسکی دایەوە، کە ناوچەی دژەفڕین بەسەر ئاسمانی ئۆکرانیادا جێبەجێبکات. بەلام لەهەفتەی ڕابردوودا کۆنگریسی ئەمریکا بودجەیەکی ٤٠ ملیار دۆلاری پەسەندکرد تا دەستی باید ئاوەلابێت بۆ بەکارهێنانی چەک لەجەنگی ئۆکرانیادا. جێگیرکردنی ٤٠هەزار سەرباز لەیەک مانگی ڕابردوودا، لەولاتانی دەوروبەری ئۆکرانیادا، لەژێر چەتری ناتۆدا، ١٠ جار وجودی هێزە سەربازیەکانی ئەمریکای لەچاو ڕۆژەکانی بەرلەدەستپێکردنی جەنگەکەدا بەرەو زیاتر بردووەو لەم چوارچێوەیەشدایە کە سوپای ئۆکرانیاو فەرماندە سەربازیەکانی زلنسکی بەتەواوی لەژێر فەرمانی ناتۆدا دەچێتە پێشەوە و سەربەخۆیی خۆیان لەدەستدەدەن.

ئێستا ئیتر کارشوناسانی جەنگی و جەنراڵە ناودارەکانی جیهان باس لەجەنگێکی فراوانی جیهانی و ماوەدرێژ دەکەن. دۆخەکە لەئێستادا بەئاستێک گەیشتوە کە کێشمەکێشی هێزە ئیمپریالیستیەکان لەسایەو سێبەری مونافەسەو ملاملانێی ئەمریکاو ڕوسیادا باس لەهەرەشەی بەکارهێنانی چەکی ناوەکی دەکەن... ئەمانە پێکەوە نیشانەو ئاماژەکانی ڕۆچوونی جەنگی ئۆکرانیایە بۆقۆناغیکی تازە.

ئۆکتۆبەر: ئاکامەکانی ئەم جەنگەی ئۆکرانیا لەڕووی ئابوری و سیاسیەوە لەسەر کوردستان وخەڵکی کوردستان چی دەبێت؟ لەئەگەری تەنینەوەی جەنگەکەدا گومان لەوەدا نیە کە کوردستانیش بەدەر نابێت لە کاریگەریە وێرانکاریەکانی، دەبێ خەڵکی کوردستان چی بکەن و لە کوێدا ڕابوەستن!؟

خەسرەو سایە: بەجیا لەو ماڵوێرانی و کاولکاری و دەربەدەریەی کە ئەم جەنگە بەسەر خەڵکی ئۆکرانیا هێناویەتی، بێگومان کاریگەریە خراپەکانی بۆسەر هەموو جیهان ساڵهای ساڵ دەمێنیتەوە، پەرەسەندنی بێکاری و گرانی و پشێوی کۆمەلایەتی و سەرهەلدانی ڕەوتە فاشیستی و کۆنەپەرستەکان، تەنها بە ئەمریکاو ئەوروپاو ڕوسیاوە، ناوەستێ و ئەو دۆخە ناهەموارەی کە ئەم جەنگە خوڵقاندویەتی، پریشکەکانی بۆسەر هەموو ولاتان بەم یان بەو ئاستی جیاواز دەهاوێژێت. ئیستا باس لە ڕودانی جەنگی ئەتۆمی و بایۆلۆژی دەکرێ، کەچۆن کۆمەلگای بەشەریێ لەم ترسە بپارێزرێت. تەنانەت باس لەکەمبوونەوەی دەرمان و خۆراک بۆتە بابەتێک و کارشناسانی بەوە گەیاندووە کە ئاسایشی خۆراکی بۆتە خەتەرێکی گەورە بەسەر دونیاوە.

بێگومان کوردستان کە خۆی گیرۆدەی گێژاوێکی سیاسی و قەیرانێکی قوڵی ئابوریە، ئاسەوارەکانی ئەم جەنگە لەزۆر لایەنەوە کاریگەری بەجێدەهێڵێت. لەڕووی ئابوریەوە گرانی و کەمبوونەوەی ئاردو دەرمان و مەوادە خۆراکیەکانی تر هەر لەئێستاوە قورسایی خۆی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستان داناوە. لەڕووی سیاسیەوە، کوردستان کە کێشەو گرفتە سیاسی و ئابوریەکانی پەیوەندی بەعیراق و ناوچەکەوە هەیە و بۆرژوازی کورد ناتوانێ بەتەنها خۆی

چارەسەریان بکات، بەپێویست کەوتۆتە حاڵەتی چاوەڕوانیەوە، کە کەی و چۆن هێزە ناوخۆیی و ناوچەیەکان، لە هاوکێشەو ڕیزبەستنی بلۆکە ئیمپریالیستیەکان و کێشمەکێشەکانی نیوانیاندا چ جێگایەک دەگرن، هاوکات خودی ئەوەی کە کەی و چۆن ئەم جەنگە بە نەزم و سەباتێکی سیاسی و ئابوری و حکومەتی دەگات ودونیا لەچ تەوازنێکدا رادەگرێ ولێرەشەوە کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەراست چۆن چارەسەر دەبێ و سەرەنجامیش دۆخی ئالۆسکاوی عێراق بەکوێ دەگەیەنێت، هەموو ئەمانە دۆخی کوردستانی لەچاوەڕوانیدا راگرتوە و لێرەشەوە ڕەوتی خەباتی چینایەتی لەکوردستان ڕاپێچدەکات بۆ نێو دۆخێک کە سەرەڕای هەڵکشانی بێکاری و گرانی و دەیان دەردومەینەتی تر، لەگەڵ پشێوی زیاتر و دەخالەتی سەربازی دەولەتانی ناوچەکە و.. بەرەوڕوو دەکاتەوە و هەلومەرجی خەباتی چینایەتی کریکاران و زەحمەتکێشان سەختردەکات.

بەڵام لەبارەی ئەوەوە کە خەڵک دەبێ چی بکات، یەکەمین کار ئەوەیە کە دەبێ لەوە تێبگەن کە بەستنەوەی ئومید بە ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتوەکانەوە، کە گوایە بەپشتبەستن بەوان و چاوەڕوانیکردن لەوەی کە فشارو ئاگادارکردنەوەکانیان، یەکیەتی و پارتی ناچاردەکات بەگۆرانکاری لەسیستەم و دەسەلاتی ئیستادا، خۆشخەیاڵیەکە کەهەوڵ و خەباتی جەماوەری ناڕازی بەشوێنێک ناگەیەنێت، جگە لە هێشتنەوەی هەر ئەو ئەزمونەی کەژیانی ئەوانی هاڕیوە و لەولاشەوە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بەدەسەڵات و دەستبەسەرداگرتنی داهاتی کۆمەلگا گەیاندووە. خەڵکی کوردستان دەبێ ئەوە باشبزانن کەڕۆڵی ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیانەو هەرکاتێکش ئەم بەرژەوەندیانە ویستی، پشتیان لێدەکەن. ئەوەی پیویستە کە خەڵکی کوردستان بیکەن لەبەرامبەر جەنگێکدا کە لەئۆکرانیا هێزە ئەمپریالیستیەکان هەڵیانگیرساندووە، هەرئەوەیە کەڕیزی سەربەخۆی خەباتی چینایەتیان بپارێزن و یەکگرتوانە بەرامبەر بەدەسەلاتداریێتی بۆرژوازی کورد تائاستی وەلانانی تێبکۆشن و دەسەلاتداریێتی خۆیان لەشوراکاندا دابمبەزێنن و خۆیان کۆمەلگا بەڕێوەبەرن.

بێگومان ڕاوەستانی خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان لەکەنار کرێکارانی جیهان و بەرەی ئازادیخوازان لەدژی جەنگ و میلیتاریزم، گۆشەیەکی سەرەکی ئەو خەباتەیە کە لەدژی دەسەلاتدارێتی بۆرژوازی کورد دەستیان داوەتێ.

★

---

# پارتی و ئوڵفەتگرتن بەخۆشخزمەتیەوە!

## عبدللە محمود

فازیل میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی لەم دواییانەدا و لە لێدوانێکدا سەبارەت بە پەیوەندی پارتی و جمهوری ئیسلامی ئێران دەڵێت: ئێمەو ئێران خوێنی هاوبەشمان داوە نەک هەر بەرژەوەندی هاوبەشمان هەیە"، بەڵام وردەکاری هاوبەشی ئەو خوێنبەخشین و بەرژەوەندییە هاوبەشەی لەگەڵ جمهوری ئیسلای ئێران، نەخستە ڕوو.

ئەگەر بۆ نەوەکانی پێشووی خەڵکی کوردستان، کارنامەی چەندین دەهەی پارتی و نزیکایەتی لەگەڵ ئێران و وڵاتانی ناوچەکە تا ڕادەیەکی زۆر رۆشن بێت، بەڵام ڕەنگە بۆ نەوەی تازەی کوردستان بەپێی پێویست ڕۆشن نەبێت ئەو خوێنبەخشین و هاوبەشییە چییە؟

پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو باڵ و حزبێکی بزوتنەوەی کوردایەتی، لە ساڵی ١٩٤٦ لە ئێران دامەزراوە، تا دەگاتە ئەمڕۆ، سەرباری هەر هەڵبەزو دابەزو نزیکبوونەوەی لە عێراق و تورکیا و ئەمریکا و رۆژاوا، هیچ کاتێک نەبووە رۆڵی بەوێنەی رۆڵەی بەوەفای دەسەڵاتی سیاسی ئیران، نەگێرابێت. پارتی وەکو هێزێکی تایبەتی دەسەڵاتی ئیران، لەسەردەمی دەسەڵاتی شادا، خۆی هاویشتە باوەشی دەسەڵاتی شاهانشایی و لە هیچ هاوکاری و خۆشخزمەتیەک بۆ دەسەڵاتی شا، بەدژی خەڵکی کوردستانی ئێران و هێزە نەیارە سیاسیەکانی دەسەڵات دریغی نەکرد. سەرەتای کاریشیان لە سالی ١٩٦٨ دەستگیرکردنی سولەیمانی موعینی و دواتر رادەستکردنەوەی بە دەسەڵاتی شای ئێران بوو، کەدواتر لەلایەن رژێمی شاوە گوللەباران کرا. دواتریش جوڵانەوەی سیاسی و سەربازی پارتی لەپێناو بەشداربوون لەدەسەڵاتی ڕەشی بەعسدا، بەتەواوەتی پشتی بەهاوکاری هەمەلایەنەی رژێمی دیکتاتۆری شا، بەست و رژێمی دیکتاتۆری شا ش، لە چوارچێوەی ململانێی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی ئێراقدا، پارتی وەکو هێزێکی خۆشخزمەت بەدەستەوە گرت. کاتێکیش رژێمی بەعس و ئێران ناکۆکیەکانیان خستە

کەنار، و ڕژێمی ئیران هاوکارییەکانی بۆ پارتی وەستاند ئەوەی پێی دەوترا شۆڕشی ئەیلول، کۆتایی پێهات، کە ناونرا "ئاشبەتاڵ" و بارزانیش ڕایگەیاند" کاری من تەواو بووا!!"

لەگەڵ هاتنە سەرکاری ڕژێمی ئیسلامیش لە ئێراندا، جارێکی تر پارتی خۆی هاویشتە باوەشی ئاخوندەکانی ئێران و شان بەشانی سوپای پاسداران، کەوتە سەرکوتی بزوتنەوەی دژە دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئیران و پاشانیش هێرشی چەکدارانە بۆسەر هێزە سیاسییە نەیارەکانی دەسەڵاتی ئاخوندەکان. بەوەشەوە نەوەستان و لەگەڵ هاوبەشە دەسەڵاتەکەیان یەکێتی نیشتیمانی، لە ٣٠ ساڵەی دەسەڵاتدارێتیاندا، بەسەدان کادر و هەڵسوڕاو پێشمەرگە و پەنابەری چالاکی ئێران لەژێر سایەی دەسەڵاتیاندا و بەهاوکاری ئەوان ڕادەستی ئێران کراونەتەوە یان بە چاوساغی ئەوان تیرۆرکراون و بارەگای هێزە سیاسیەکانی کەوتوتە بەردەم هێرش و بۆمباباران. دیارە ئەمە تەنها چەند گۆشە لە نۆکەر پیشەیی پارتییە بۆ ئێران. بەمجۆرە هێرش بۆسەر خەڵکی کوردستانی ئێران، بۆسەر هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی، چاوساغی و هاوکاری بۆ تیرۆری نەیارانی سیاسی ئێران... گۆشە بەگۆشەی کارنامەی پارتین. لە ڕێرەوی ئەو خۆشخزمەتییە زنجیرەیی و مێژووییەدا، پارتی و ئیران خوێنی هاوبەشیان ڕشتووە و بەرژەوەندیەکانیان ئاوێزانی یەکتر بوون، بەرژەوەندییەک کە بنەماکەی دژایەتی لەگەڵ هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێڕانەو ئازادیخوازانە و دژ بەدەسەڵاتی ئیران و چاوساغی بۆ تیرۆری هەڵسوراوانی ئۆپۆزیسیۆن و ژینگە سازکردن بۆ ملهورینواندی ئیران، لە هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا.

دیارە خۆشخزمەتی پارتی تەنها بۆ ئێرانی شای لەگۆڕنراو و ئاخوندەکان سنوردار نابێتەوە، بەڵکو هاوکات لە ماوەی دەسەڵاتدارتیاندا لەگەڵ یەکیتی هاوپەیمانیان، هەرچی لەدەستیان هاتبێت، و داوایان لێکرابێت لە ئەنجامدانیدا دریغیان نەکردووە. بەجیا لەوانەی کە بۆ ئیرانیان کردووە، هاوکات خۆشخزمەتیان بۆ دەوڵەتی ناسیونال- فاشیستی تورکیا لەوەی ئیران کەمتر نییە. دەستپێکی کاری حکومەتی کارتۆنیان بە هێرش و جەنگ لەدژی پەکەکە لەسەر داوای تورکیا دەستی پێکرد. تا ئێستاش ڕۆژانە کادر و چالاکوانی ئۆپۆزیسیۆنی تورکیا، بە چاوساغی پیاوەکانی دەسەڵاتی پارتی و یەکیتی و لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندا دەرفێنرێن، تیرۆر دەکرێن و بارەگا و بنکەکانیان لە قولایی کوردستاندا دەکەونە بەر هێرشی ئاسمانی فرۆکەو درۆنەکانیان. هاوکات ڕژێمی فاشیستی تورکیا دەیان بنکەو بارەگای سەربازی کردۆتەوە و هێرش بۆسەر هەرێمیش بە پاساوی لێدان لە پەکەکە بۆتە کارێکی ڕۆژانە. هەر لەم ماوەیەدا چەندین کەسی لایەنگر لە پەکەکە لەناو شارەکان تیرۆر کراون و لەم هەفتەیەشدا لە قولایی کوردستان، کەمپی مەخمور و بنکەیەکی پەکەکە، لە ئاغجەلەر بۆمباباران کران، کە جگە لە چەند ئەندامی پەکەکە چەندین هاولاتیش بوونە قوربانی. هەروەها لە جەنگی دەسەلاتی ناوخۆیاندا پارتی بەرەی تورکیا و یەکێتی ئیرانی کردە قیبلەنومای هێز وەرگرتن و لەم جەنگەشدا بەهەزاران ئینسان بوونە قوربانی و دوبارە خوێنرشتن و بەرژەوەندی هاوبەشی پارتی و یەکێتی تیکەڵ بوون لەگەڵ بەرژەوەندی تورکیاو ئیران و بوونە مێژوویەکی شەرماوەر بە تەویلی پارتی و یەکیتی و سەرجەم بزوتنەوەی کوردایەتیەوە. نابێ ئەوەش لەیاد بکەین، هەر ئەو پارتیی و یەکێتیەی خوێنی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ ئیران و تورکیا تیکەڵ بووە، ئاواش لەگەڵ دەسەلاتی بەعسی لە گۆڕنراو ئەو بەرژەوەندیەیان تێکەڵاو بووە.

٣١ ئاب، گۆشەیەکی تری خوێنرشتنی هاوبەشی پارتییە لەگەڵ هێزو سوپای بەعسدا بۆسەر هەولیر و کوردستان لە جەنگی دەسەلات و هەژمونی بەسەر یەکێتیدا.

فازل میرانی لە کاتێکدا باسی خوێنرشتنی هاوبەش لەگەڵ ئیران دەکات و خۆی لەباسی خوینرشتن و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ دەسەلاتی ڕەشی بەعس و تورکیا، نەبان دەکات... پێویستی بەوەیە لە ئێستای دۆخی عێراقدا، کە ڕۆژانە دەسەلاتی سنوردار دەکرێت و پرۆژەی پەروباڵکردنی ناسیونالیزمی کورد، دەستی پێکردووە، لەبەر قاپی ئێراندا بپاڕێتەوە و مێژووی هاوبەش و خوێنی هاوبەش وەکو پسولەی خۆشخزمەتی بەبیر دەسەلاتی ئاخوندەکان بێنێتەوە، تا کەمێک ڕەچاوی دۆخی ئەزمەگرتوویان بکەن.

بۆ فازل میرانی و پارتی، و هاوبەشە دەسەلاتەکەی یەکێتی لە هەرێمدا، خزمەتکردن بە دەسەلاتی دیکتاتۆری سەرجەم ولاتانی ناوچەکە بەتایبەتیش ئەوانەیان کە دژی چارەسەری پرسی سیاسی کوردستان و دوژمنایەتی لە ئاشتی هەڵنەگریان لەگەڵ خەڵکی کوردستان هەیە، بۆتە عادەت پیشەیی و دریغی ناکەن. بزوتنەوەی کوردایەتی بەگشتی و پارتی بە تایبەتی لەپێناو بەرژەوەندی حزبی و بنەماڵەیی و مانەوەی دەسەلاتیان و بەشوەرگرتن و بەش مانەوەیان لەدەسەلاتی عێراقدا، ئامادەی دریژەدان بەهەموو خۆشخزمەتیەکن.

ئەو دانپیانانەی میرانی بە مێژووی خوێنرشتنی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ ئیران و ولاتانی تری دیکتاتۆری ناوچەکە، چەندە نیشانەو دانپیانانێکی ئاشکرایە، کە بەرژەوەندی پارتی و بزوتنەوەی کوردایەتی، جوت و تەبان لەگەڵ بەرژەوەندی ولاتانی کۆنەپەرست و ملهوری ناوچەکە، هێندەش بەرژەوەندیەکانیان دژ و ناتەبایە بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و ئایندە

سیاسیەکەی.

بزوتنەوەی کوردایەتی بەگشتی پارتی و یەکێتی وەکو دوو باڵی ئەو بزوتنەوەیە بەتایبەتی، بەجیا لە هەڵواسینیان بە کێشەی سیاسی کوردستانەوە، بوون و مانەوەیان بەندە بەکەڵک وەرگرتن لەبۆشایی و ململانێی ولاتانی ناوچەکەو خۆبەستنەوەیان بە یەکێک لە ولاتەکان و خۆشخزمەتی بە ئامانج و تەماحە سیاسیەکانیان. لەو راستایەشدا خوێنرشتنی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشیان، تێکەڵی یەکتری بوون... هەربۆیە خەڵکی کوردستان لە راستای رامالینی دەسەلاتی بۆرژوازی کوردا، گورزێکی کاریگەر لە پێگەو رۆڵی ولاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکەش دەدەن. دیارە چۆن حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و خوێن و بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ دەسەلاتی کۆنەپەرستانەو دیکتاتۆری ولاتانی ناوچەکە هەیە، ئاواش چینی کریکار و جەماوەری بەشمەینەتی کوردستان، بەرژەوەندی هاوبەشیان لەگەڵ چینی کرێکاری و جەماوەری بێبەشی ئیران و تورکیاو عێراق و ولاتانی ناوچەکە هەیە و هێز لەیەکتری وەردەگرن. هەربۆیە دەبێت کە لەبەرامبەر هاوپەیمانی و خۆشخزمەتی سەرانی ناسیۆنالیستی کورد بۆ وولاتانی کۆنەپەرست و دژی ئینسانی و بۆرژوایی ناوچەکە، پەیوەندی خەباتکارانەی خۆیان لەگەڵ چینی کرێکارو بزوتنەوەی کرێکاری لەو وولاتانە بەهێز بکەن.

★

# پەیامی پشتی وتەکانی پلاسخارت!

## جەمال موحسین

وتەکانی جێنین پلاسخارت، نێردراوی تایبەتی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان (نەتەوە یەکگرتوەکان) لە عێراق، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاسایش لە ١٧ ی ئەم مانگەدا بازاڕی سیاسی و تەبلیغاتیی لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی گەرم کردووە و وەک دەرویش حاڵی سیاسی لێهێناون. وەک ئەوەی باسکردنی هەندێک خاڵ سەبارەت بە دۆخی کوردستان لەناو ئەنجومەنی ئاسایشدا هێندە دەسکەوتێکی گرنگ بێت کە بە وێنەی عەسایەکی سیحری سەرلەبەری ئەم هەلومەرجەی خەڵکی کوردستانی تێکەوتووە هەڵگێرێتەوە و چاکی بکات! ئایا باسکردن لەوەی کوردستان بە کردەوە دوو زۆنی سەوز و زەردە و هێزەکان ناکۆکن و "ئەگەر یەکێتی و پارتی و هێزەکانی تر یەکگرتوو نەبن دۆخەکە لە دەست دەرئەچێ شتێکی" تازەیە؟ ئایا داهێنانێکی وایە کە قیبلەنمای تورەیی خەڵک لە دەسەلات وەرگێڕێ بەرەو ئومێد بە چاکبوون و چاککردن؟ وە سەرئەنجام ئایا پەیامی راستەقینەی پشتی ئەم قسانەی پلاسخارت بۆ خودی خەڵکی کوردستان چییە؟

قەیرانی هەمەلایەنەی ئابوری و سیاسی و حکومەتی کە لەلایەکەوە یەخەی دەسەلاتی بۆرژوا_ناسیۆنالیزمی کوردی گرتووە و لەلایەکی تریشەوە پەیوەندیەکەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا بنبەست بووە، هێندەی تر ئەم دەسەلاتەی رووبەرووی شکست کردۆتەوە. وەلاّم نەدانەوە بە موچە و بژێوی و شانخاڵی کردنەوە لە دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان، ئەم دەسەلاتەی لەسەر گڕکانێک لە نارەزایەتی و تورەیی خەڵک داناوە. بۆیە سەرباری ئەو چەقبەستن و قەیرانەی تێیکەوتوون، دەسەلات لەبەرامبەر مەترسی هاتنەمەیدانی جەماوەری کرێکار و بێبەش و مەحرومانی کۆمەڵگادا راوەستاوە. مەترسیەک کە نەک تەنها لەرزی بۆ ئەمان بریوە، بگرە ئەو ولاتە زلهێزانەشی راچڵەکاندووە کە ئەمان پشتیان پێوەداون. وتەکەی پلاسخارت و جەختکردنەوەکەی باڵۆێزی ئەمریکا لە عێراق لەسەر "ئەو هەرەشەیەی لەسەر هەرێمی کوردستانە" دەرخەری ئەو راستیەیە کە ئەوە مەسەلەی ناکۆکبوونی یەکێتی و پارتی و پارتەکانی دەوری ئەوان و پەیوەندی هەرێم لەگەڵ بەغدا و ولاتانی ناوچەکە و دنیا نییە بە پلەی یەکەم کە هۆکاری هاتنەدەنگی وتەبێژانی (نەتەوە یەکگرتوەکان) و باڵۆێزی ئەمریکیایە، بگرە ئەو نەفرەتە جەماوەریەیە کە ئەم دەسەلاتە لەبەرامبەریدا راوەستاوە.

سەرباری ئەو مەسەلانەی لەسەرەوە ئاماژەی پێدران، لەم کاتەدا کە حزبەکان لەسەر هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان و کات و یاساکەشی ناکۆکییان هەیە، ئەم قسە و دەخاڵەتانەی ئەمریکا و نەتەوەیەکگرتووەکان (کە لە راستیدا هەر ئامرازێکی دەستی ئەمریکایە) ئامانجێکی رۆشنی هەیە. پەیوەندی جەماوەری بێبەش و دەسەلات و سیستمەکەی چۆتە ئاستێکی ترەوە: ئاشتی هەڵنەگرە! خەڵک هیچ جۆرە متمانە و ئومێدێکی بەم سیستم و دەسەلاتە و هەموو ئەو بەناو ئۆپۆزسیۆنانەش نەماوە کە لەهەمان بازنەدا ئەخولێنەوە. ببینن هەموو سیاسەتمەدارانی ئەو هێزانە بە دەسەلات و ئۆپۆزسیۆنەوە و ئەو قەڵەمبەدەست و رۆشنبیرانەشی لە گۆرەپانی ئەوانەوە ئەنووسن و قسەکەن کار لەسەر ئەوە ئەکەن متمانەی خەڵک رابکێشنەوە. بۆیە پەنا بۆ تەخشانکردنەوەی خۆشخەیاڵی ئەبەن. پلاسخارتیان کردووە بە فریادرەس، گوایە زۆر گرنگە ئەو لە ئەنجومەنی ئاسایش باسی گەندەڵی و ناکۆکی و جیاوازیەکانی هێزە سیاسیەکانی کردووە. گوایە ئەگەر ئەمە بچێتە ناو (نەتەوە یەکگرتوەکان) و ئەنجومەنی ئاسایشەوە، ئیتر بە قازانجی خەڵکی کوردستانە.

(نەتەوە یەکگرتوەکان) خۆی یەکێکە لە گەندەڵترین و نائینسانیترین دەزگاکانی جیهان. ئەم دەزگایە لە کوێدا دەستی ئەمریکای گرت کاتێک عێراقی داگیرکرد و بە ملیۆنەها منداڵ و پیری کوشت؟ بەبەرچاویەوە ئەم وڵاتە وێران کرا و ژێرخانی هەڵتەکێندرا، سەروەت و سامانی دزرا، دیپلۆماتکارانی ئەویش جگە لە خۆلەوەڕاندن چ دەخالەتێکی تریان هەبووە؟ تەماشای ڕۆڵی (نەتەوە یەکگرتوەکان) بکەن لە یەمەن و لیبیا و هەتا سودان. لە ڕاستیدا ئەو تا ئێستا بوکەڵەی دەستی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بووە. لە بنەڕەتیشدا بەدەسەڵاتگەیاندنی یەکێتی و پارتی پڕۆژەی هەر ئەم دووانەی دواییش بوو، ئەمان ئەم دەسەڵاتەیان کرد بە ملۆزم بە سەر دڵی خەڵکی کوردستانەوە. ئەوان بوون کە چەک و پارەوپولیان پێدان. وە ئەوە هەر یەکێتی و پارتیش بوون کە هەر لە سەرەتاوە گەمەی خۆبەستنەوە بەوان و هەتا بە دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە کرد. فازڵ میرانی ڕاست ئەکات کە ئەڵێ ''ئێمە و ئێران پێکەوە خوێنمان داوە''! ئەوان لە باوەشی شای ئێرانەوە خۆیان گرت و دواتر ڕووە و ڕۆژئاوا ملیان نا، بۆندە دیپلۆماسی و سیاسی و ئابوری و بازرگانیەکانیان لەگەڵ بەستن. هەرچی یەکێتیشە لە وابەستەیی بە وڵاتانێکی تر لە ڕۆژئاوا و لەژێر ناوی سۆشیال دیموکراسیەوە ڕووی خۆیان کردۆتە ئێران و بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵدا شەتەک داون. یەکێتی و پارتی هێزگەلێکن لە هەناوی گەندەڵی و شەڕخوازی و ئینسانکوژی ئەمریکا و ڕۆژئاواوە داکەوتوون، ئەو بەچکە دوپشکانەن لە هەڵدڕینی سکی دایکیانەوە سەریان جوقاندووە. کەچی ئێستا دایکی گەندەڵ ئەیەوێ بە خەڵکی کوردستان بڵێ لە نەوەکانی خۆم ڕزگارتان ئەکەم! پارادۆکس لێرەدا ئەوەیە کە وەک ئەوەی ئەگەر پارتی و یەکێتی تەرەف نەبن و خەڵک تەرەف بێ لەگەڵ ئەمریکا و یوئێن ئیتر هەموو شتێک باش ببێ!

هەرجۆرە خۆشخەیاڵیەک بە پلاسخارت و وتەکانی (کە تازە نییە و پارساڵیش لە زانکۆی کوردستان هەمان بالۆرەی لێدایەوە) بەوێنەی نۆشینی ژەهری مارە بۆ خەڵکی کوردستان. قەڵەمبەدەستان و ڕۆشنبیران و هێز و لایەنی بەناو ئۆپۆزسیۆن کە بە ناحەق خەڵک بەم قسانە خۆشخەیاڵ ئەکەن، خەتابارن. یانی ئەیانەوێ بڵێن ئەگەر خەڵک باوەڕی بە پلاسخارتەکان و تیولەرەکان و دیپلۆماتکارەکانی تری ڕۆژئاوا هەبێت کە پەردە لەسەر گەندەڵی و خراپی ئەم دەسەڵاتەی یەکێتی و پارتی لائەدەن، ئیتر ئاڵوگۆڕ ڕووئەدات. یانی ئەیانەوێ بڵێن ئەگەر بە پاڵپشتی ئەوانە ''یەکێتی و پارتی لاوازبکرێن چونکە گەندەڵن'' و لەمەولا پەیوەندیەکە ببێت بە هی کەسان و لایەنی تر لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژئاوادا، ئیتر کوردستان ئەکەنە بەهەشت. قسەی پوچ و بێبنەما ئەمەیە کە تەواوی سیستم و دەسەڵاتداریتی لە کوردستاندا ببەسترێتەوە بەو دوو هێزەوە و لەوەش زیاتر بەوەی بە هەڵبژاردن لە دەستی ئەوان دەربهێندرێت و بدرێتە کەسانی تر. هەربۆیەشە هەموویان لەوەدا کۆکن و هاواریان لێبەرزبۆتەوە تا خەڵک ڕازی بکەن ئەمجارەش بچێتە پای هەڵبژاردن و دەنگ بە لایەن و کەسانی تر بدات. تاکو بەهەر نرخێکە بەناوی هەڵبژاردنەوە جارێکی تریش ڕەوایەتی بە دەسەڵات و سیستەمی ستەمگەری سەرمایەداری کوردستان بدەنەوە.

وتەکانی پلاسخارت و جەختکردنەوەکانی تیولەر و زورڕناژەنینی هێزەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی، لە ئیسلامیەکانەوە بگرە هەتا نەوەی نوێ و هەڵگەڕاوەکان لە گۆڕان، بە ئەندازەی دەسەڵات و ئەزمونی حکومەتداری یەکێتی و پارتی پوچە. ئەوان ئەزانن داکۆکی لە چی ئەکەن، ئەوان ئەیانەوێ سیستمێک لە بەڕێوەبردن و ئابوری و سیاسەتکردن و دیپلۆماسیەت کە داڕزیوە لە چنگی توڕەیی و شۆڕشی خەڵکی کرێکار و جەماوەری بێبەش ڕزگاربکەن. ئەوان یەقینن لەسەر ئەوەی کە ئەگەر سێلاوی شۆڕشی خەڵک هەستێ، خانۆچکەی هەموویان ڕائەماڵێ. بۆ بەرگرتن بەم زریانی توڕەییە، لەلایەک خەڵک خۆشخەیاڵ ئەکەن بە هەڵبژاردن وهاوکات بەربەستێکیش لەبەردەم سەربەخۆیی جوڵانەوەی خەڵکدا و بۆ ڕزگاربوونی لە تەواوی سیستەمەکە دروست ئەکەن. لە کاتێکدا هاتنەمەیدانی خەڵکی بێبەش و برسیکراو تەنها لە دژی یەکێتی و پارتی نییە، لە دژی تەواوی سیستمێکە کە ئەوان و هاوپەیمانەکانیان لە ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی و بەناو لیبراڵی ساڵەهایە دایانسەپاندووە و بەرهەمەکەشی جگە لە هەژاری و برسیکردن و نەبوونی هیچی تر نەبووە. خەبات و ناڕەزایەتیەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش لە دژی تەواوی سیستمەکە بووە کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکانی بووە و لە ساڵی ١٩٩٢ ەوە جگە لە شەڕ و کوشتارە ناوخۆییەکان، کۆمەڵگەی نوقمی گەندەڵی و دزی و جەردەیی و سەرکوت کردووە.

لە ڕوانگەی کرێکاران و خەڵکی بێبەشەوە دەسەڵات و سیستمی ئابوری و سیاسی و حکومەتداری پێویستە وەلابنرێ. بۆ ئەمەش هەم پێویستە هیچ جۆرە خۆشخەیاڵیەک بە ئەمریکا و ڕۆژئاوا (وە نەتەوە یەکگرتوەکان وەک دەسکەلای دەستی ئەوان) و هەڵبژاردن و خەباتی پەرلەمانی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات نەمێنێ. ئەوان دەردێک بۆ خەڵک تیمار ناکەن... هەم پێویستیشە خەڵک خەبات و تێکۆشانی خۆی لە هەموو ئەو هێزانە جیابکاتەوە و سەربەخۆ بێتە مەیدان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆی.

دەسەڵاتێک جیاکراوە و سەربەخۆ بێ لەهەر پڕۆژەیەکی ئەو هێزانەشی بەناوی دژایەتی یەکێتی و پارتیەوە خۆیان وەک لایەنگر لە خەڵکی بێبەش نیشان ئەدەن. دەسەڵاتێک بنیاتراو بێت لەسەر بنەمای بەشداری ڕاستەوخۆی جەماوەری کرێکار و بێبەش و کۆمەڵگە بەرەو ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی ببات.

★